## بانگەوازی ژمارە (٣)

## ١٠٠ ساڵەی حەسەن زیرەک

ڕۆژی ٢٩/١١/٢٠٢١ بەپێی ناسنامەی ژمارە ٧٣٥ تەمەنی حەسەن زیرەک، دەگاتە سەد ساڵ. بەم بۆنەوە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان، ناوەند و دامودەزگا و کەسانی بواری فەرهەنگ، هونەر، زانست، موسیقا، ئەدەبیات، بەشدارنی پڕۆژەی " سەد ساڵەی حەسەن زیرەک"، وێکڕا خشتەی بابەتەکانی لێکۆڵینەوە، دەخەنە بەر دەست ئەو کەسانەی لە یەک تا چەند بوار، کاری لێکۆڵینەوە وەئەستۆ دەگرن. لێکۆڵینەوە، زانیاری و هەروەها ماتریاڵ(وێنە، ویدئۆ، فیلم و ...) دەکرێ ڕاستەوخۆ بۆ ئەو ئادرەسە بنێردرێ. redaktion@rojhalat.de .

**لێکۆڵینەوە:**

<u>١- لێکۆڵینەوە</u>

١-١. زیرەک وەک شاعیر، هەڵسەنگاندنی (کتێبی چریکەی کوردستان) وەک کتێبی شیعر
١-٢. هەڵسەنگاندنی گۆرانییەکان بەپێی جیاکردنەوەی بابەت (کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، چینایەتی، نەتەوەیی جینسی "ژن، پیاو"، جوغرافیا)
١-٣. هەڵسەنگاندنی لایەنی زمان و وشە بەپێی جیاکردنەوەی بابەت (کۆمەڵایەتی، سروشتی، پیشە، دابونەریت، ئایینی و...)، دیاریکردنی لایەنی ناوچەیی زمان و وشە، دەوری زمانی گۆرانییەکان، وشەکان لەسەر تێگەیشتنی گشتیی خەڵکی ناوچەکانی کوردستان، دەوری زاراوەکانی کوردی لەناو گۆرانییەکان، دەوری زمانی گۆرانییەکان لەسەر زمانی کوردی بەگشتی و تێگەیشتنی خەڵک لە زمانەکە
١-٤. هەڵسەنگاندنی لایەنی فۆلکلۆریی گۆرانییەکان بەپێی ناوچەکان
١-٥. لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنی چەشنی وشە، بەکارهێنان و مانای وشە
١-٦. لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنی شیعریی گۆرانییەکان و چەشنی شیعر (ئەدەبیاتی زارەکی، فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی نووسراو)، جیاکردنەوەی شیعرەکان بەپێی شیعری شاعیران، فۆلکلۆر و شیعری خۆی
١-٧. شیعری شاعیران لەناو گۆرانییەکان، ناوی شاعیران و شیعرەکانیان
١-٨. دیاریکردنی چیرۆکی گۆرانییەکان بەپێی بەڵگە، شوێن و ناوچە.

<u>٢- لێکۆڵینەوە</u>

٢-١. لێکۆڵینەوەی موسیقایی مێلۆدییەکان (کوردی و نەکوردی) بەپێی لێکدانەوە و بەراوردکردن
٢-٢. دیارکردنی چەشنی موسیقا و ئاهەنگ و مێلۆدییەکان بەپێی بەراوەردکردن لەگەڵ موسیقای ناوچە و جیهان
٢-٣. دیاریکردنی ناسنامەی موسیقایی گۆرانییەکان.

<u>٣- ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتانە لەناو گۆرانییەکان</u>

٣-١. سروشتی کوردستان
٣-٢. ناوی شار و گوند و جوغرافیای کوردستان و دەرەوەی کوردستان
٣-٣. باوەڕی کۆمەڵایەتی، ئایینی، نائایینی
٣-٤. بەیت و باو و گەمە و قسەی نەستەق
٣-٥. ئیش و کار و پیشەی ناو کۆمەڵگای کوردستان لە شار و دێ
٣-٦. ئەوین، خۆشەویستی
٣-٧. ژن و پیاو
٣-٨. نیشتمان و زێدی بۆکان
٣-٩. دووری، نامۆیی، غەریبی

٣-١٠. خەم، ناسۆریی، بێوەفایی و بێزاری
٣-١١. بێزاریی زیرەک لە کۆمەڵگا، شوێنی تایبەت و ڕۆژگار
٣-١٢. هەست و تێگەیشتن و بیروباوەڕی زیرەک
٣-١٣. وێنە و تەسویری هونەریی سروشت، زێد.

<u>٤- گۆرانییەکان و</u>

٤-١. بوارە بڤەکان (ژنان، کۆمەڵگا، فەرهەنگ)
٤-٢. شکاندنی تێگەیشتنی باو، ئایینی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی.

**کێبەرکێ**

٥- زیرەک و بەرهەمەکان
٥-١. کێبەرکێی نەققاشی (ڕەسم) وێنەکێشان بۆ منداڵانی تەمەن تا ١٢ ساڵ (بیستنی گۆرانییەکان و وێنەکێشانەوە بۆ لانیکەم دە گۆرانی بە ئاماژە بە ناوی گۆرانییەکان)
٥-٢. کێبەرکێی نووسین بۆ مێرمنداڵانی ١٣ تا ١٦ ساڵان، نووسینی ٥ ڕستە لە بیروبۆچوونیان پاش بیستنی گۆرانییەکان (لانیکەم بیستنی ١٥ گۆرانی بە ئاماژە بە ناوی گۆرانییەکان)
٥-٣. کێبەرکێی نووسینی بابەت بە دڵخواز بۆ لاوانی ١٧ تا ٢٤ ساڵ (سێ هەتا پێنج لاپەڕەی A٤)
٥-٤. کێبەرکێی چیرۆکنووسین بە ئیلهاموەرگرتن لە گۆرانی و ژیانی زیرەک (سێ تا حەوت و ئەوپەڕی تا ١٠ لاپەڕە)
٥-٥. کێبەرکێی شانۆنامەنووسین بە ئیلهاموەرگرتن لە گۆرانییەکان، ژیانی زیرەک و ئەو کەسانەی پێوەندییان بە ژیان و کاری ئەوەوە هەبووە
٥-٦. کێبەرکێی فیلم، ڤیدیۆی هونەری-بەڵگەنامەیی ژیان و بەسەرهاتەکانی زیرەک، بە سەرنجدانە سەردەم و لایەنی جیاجیای کۆمەڵایەتی، سیاسی و...
٥-٧. کێبەرکێی شانۆنامەی ڕادیۆیی بە ئیلهاموەرگرتن لە گۆرانییەکان، ژیانی زیرەک و ئەو کەسانەی پێوەندییان بە ژیان و کاری ئەوەوە هەبووە
٥-٨. کێبەرکێی بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی بەگشتی لەمەڕ کار و ژیانی زیرەک
٥-٩. کێبەرکێی ڤیدیۆکلیپی گۆرانییەکان
٥-١٠. کێبەرکێی باشترین لێکۆڵینەوە لە یەکێک لە بوارەکانی بەشی لێکۆڵینەوە.

بۆ هەر کام لەو بوارانە خەڵاتی گونجاو تەرخان دەکرێ و سپۆنسەرەکان بۆیان هەیە خەڵاتەکان بە ناوی خۆیان و بنکە و دامەزراوە فەرهەنگی – کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانەوە، پێشکەش بە براوەکان بکەن. کۆمیتەی ١٠٠ساڵەی زیرەک ئامادەیە بۆ وەرگرتنی پێشنیار و دەستپێشخەرییەکان.
سپاس بۆ هەموو ئەو مێدیا و سۆسیال مێدیا و کەسانە، کە بەشداری لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکان دەکەن.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان
١٣/٦/٢٠٢٠ ئاڵمان